# دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

**قۆناغی دوو**

**وانەی دووەم**

# بابەتەکانی کۆرس

- هەفتەی یەکەم: پێشەکیەك بۆ پەیوەندییەگشتییەکان و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان
- هەفتەی دووەم: مێژوو  فەلسەفەی پەیوەندییەگشتییەکان و گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان
- هەفتەی سێیەم: ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان
- هەفتەی چوارەم: بونیاتنانی کارگێڕی پەیوەندییە گشتیەکان
- هەفتەی پێنجەم: خەسڵەتەکانی پسپۆری پەیوەندییە گشتییەکان
- هەفتەی شەشەم بەراورد لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و چالاکییەکانی دیکە
- هەفتەی حەوتە: کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان
- هەفتەی هەشتەم: گرنگی کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان.

- هەفتەی نۆیەم: گرنگی کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندیە گشتییەکان لەکۆمەڵگەدا
- هەفتەی دەیەم: کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندیە گشتییەکان و زانستەکانی دیکە
- هەفتەی یانزەیەم: بنەماکانی کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندیە گشتییەکان.
- هەفتەی دوانزەیەم: پرەنسیپەکانی فایۆل پرەنسیپەکانی کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندیە گشتییەکان لای فایۆل
- هەفتەی سێنزەیەم: جیاوازی نێوان پەیوەندییەگشتییەکان و ڕاگەیاندن . جیاوازی نێوان پەیوەندییەگشتییەکان و ریکلام
- هەفتەی چواردەیەم: جیاوازی نێوان پەیوەندییەگشتییەکان و پروپاگەندە جیاوازی نێوان پەیوەندییەگشتییەکان و پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان
- هەفتەی پانزەیەم: تاقیکردنەوە

# پێشەکی

- مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بێ خەڵکی دیکە ناژیت پێویستی بە پەیوەندی هەیە.
- گونجانی تاك و گرووپەکان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگە.
- دروستکردنی پەیوەندیی باش لەگەڵ کەسەکان کاریگەریي ئەرێنی لێدەکەوێتەوە دەبێتە هۆی:
- هەماهەنگی و هاوکاریکردن
- ئەنجامدانی کارەکان بەخێرایی و بە کۆششێکی کەمتر
- بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش
- بەپێچەوانەوە پەیوەندی خراپ کاریگەریي نەرێنی لێدەکەوێتەوە.

# پەیوەندی گشتی لەسەر ئاستی ڕێکخراو

- هیچ ڕێکخراوێك، بەبێ جەماوەر و کۆمەڵگەکەی دەورووبەری سەرکەوتوو نابێت.
- بەمەبەستی هەر ڕێکخراوێک بەدەسهێنانی متمانە و ریز و پاڵپشتییکردنی جەماوەرە.
- پەیوەندی نێوان ڕێکخراو و جەماوەر پەیوەندیەکی دولایەنەیە، لەسەر بنەمای سود وەرگرتن لەیەکتر بونیاد نراوە.
- زانینی رای تاك و گرووپەکان بووە پێویستییەکی ناچاری، بۆئەوەی سیاسەتەکەی بەو شێوە نەخشە بکێشێت کە لەگەڵیاندا دەگونجێت.

# پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان:

- زاراوەی پەیوەندییە گشتییەکان Public Relation نزیکەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم سەریهەڵداو، لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەکارهێنانی بووە باو.
- فەرهەنگی وێبستەر (Websters New Collegiate Dictionary): کۆمەڵە چالاکییەکە دەستەیەك یان یەکێتییەك یاخود حکومەتێك یان هەر رێکخستنێك لەبونیاتی کۆمەڵایەتی ئەنجامی دەدات، لەپێناو خولقاندنی پەیوەندی باش لەگەڵ جەماوەرە جیاوازەکاندا، کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، وەك جەماوەری بەکاربەران و بەکارهێنەران و هەڵگرانی پشکەکان، وجەماوەر بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش بۆ راڤەکردنی خۆی بۆ کۆمەڵگە بۆئەوەی پێی رازی بن.

# پێناسـەکە ئاماژە بەوەدەکات کە:

- پەیوەندییە گشتییەکان سەرجەم دام و دەزگاکان دەگرێتەوە
- ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان دەخاتەروو
- جۆری جەماوەری فەرامۆش نەکردووە، دەرەکی و ناوخۆیی

# کەموکوڕی ئەم پێناسەیە

- وای داناوە پەیوەندییە گشتییەکان چالاکیەکە لەلایەن دامەزراوەکانەوەیەو.
- بەکارهێنانی وشەی چالاکی تێکەڵییەکی تێدایە لەنێوان چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان و بەکارهێنانی وەك هاو واتا بۆ هەندێ لە ئەرکەکانی وەك راگەیاندن و پڕوپاگەندەو ڕیکلام لەبارەی رێکخراوەکە، بەڵام چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان فراوانترو گشتگیرترە لە چەمکی ئەم زاراوانە

# پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵ و کۆششە

- (کریستیان) پێناسەی کردووە بەوەی:
- کۆششە دەدرێت بۆ کاریگەری کردنە سەر جەماوەر لەرێگەی ئامرازە جیاجیاکانی راگەیاندنەوە، بۆئەوەی بیرۆکەیەکی دروستیان لەبارەی دامەزراوەوە لا دروست بێت.
- پەیمانگەی پەیوەندییە گشتیەکانیش وا پێناسەی کردووە کە:
- هەوڵی دارێژراوو مەبەستدارو پاڵپشتیکراوە بۆ دۆزینەوەی لێکگەیشتن و متمانە و پارێزگاریکردن لە تێگەیشتنی دولایەنە لەنێوان رێکخراوەکە جەماوەرەکەیدا

# پێناسەيكي باوی گۆڤاری (Public Relation)ی ئەمریکی

- گۆڤاری (پەیوەندییە گشتییەکان (Public Relations ئاماژە بەوە دەکات کەپەیوەندییە گشتییەکان :
- ئەرکێکی کارگێڕییە کە ئاراستەکانی جەماوەر هەڵدەسەنگێنێت و هەماهەنگی سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی تاك یان رێکخستنن لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا وەدی دەهێنێت و، بەرنامەی کار بۆ بەدەسهێنانی متمانەی جەماوەرو پەسەندکردنی بۆ دامەزراوەکە دادەنێت و جێبەجێی دەکات.
- لەروانگەی ئەم پێناسەیەوە، پەیوەندییە گشتییەکان بەشێکە لە چالاکی هەر دامەزراوەیەك و، بەردەوامیشە و، کارێکی کاتیی نییە.
- هەندێ لە توێژەران پێشنیازی پێناسەیەکی تریان بۆ پەیوەندییە گشتیەکان کردووە، لەروانگەی ئەوانەوە فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ کارگێڕی کە بە سیاسەتی دامەزراوەکە و پەیڕەو و دەستکەوتەکانی دەری دەبڕێت و، ئامرازی گەیاندنی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ جەماوەرەکەی لا فەراهەمە و، کۆششکردن و خەباتکردن لەپێناو دۆزینەوەی لێکگەیشتنی هاوبەش و ناوبانگێکی باشە.

# پێناسەي پەیمانگەی بەریتانی 1948

- پەیوەندییە گشتییەکان "بەرەودانە بە دۆزینەوەی لێکگەیشتن و پەیوەندی بەهێز لەنێوان رێکخراو و تاکەکانی، یان هەر گرووپێك لە گرووپەکان یاخود تاکەکان یان رێکخراوەکان و ئەوەی لەسەر بنەمای ئەم لێکگەیشتن بەرهەم دێ لەدروستبوونی ناوبانگێکی باش و پەیوەندییەکی بەردەوام".

# پەیوەندییە گشتییەکان هونەرە

- Bloomfiledبریتییە لە هونەری کاریگەری کردنە لەسەر ئەوانیتر بۆ گرتنەبەری هەمان ڕێگە کە ئەو دامەزراوانە شوێنی کەوتوون.

- (هوارد بونهام Howard Bonham) ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی خاچی سووری ئەمریکایی وا پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکانی کردووە کە :

هونەری لێکگەیشتنە لەگەڵ جەماوەردا، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانە بە تاکەکان و ڕێکخراوەکان.

# پەیوەندییە گشتییەکانیان زانستە

- پێناسەی دیکەش هەن کە پەیوەندییە گشتییەکانیان بە زانستێك داناوە کە بنەماو ئوسوڵی خۆی هەیە، چونکە
- بایەخ بە لێکۆڵینەوەی رەفتاری تاك و کۆمەڵەکان دەدات و رای گشتی دەپێوێت و شی دەکاتەوە، بەمەبەستی رێکخستنی پەیوەندییە مرۆییەکان لەسەر بنەمای هاوکاری و دۆستایەتی و هۆشیاری
- پلاندانانی زانستی بۆ پرۆگرامەکانی پەیوەندییە گشتیەکان لەخۆدەگرێت و، بایەخ بە گەیاندنی باشی زانیارییەکان دەدات لەنێوان ئەو دەستەیەی کە بایەخمەندە بە مەسەلەکە و لەنێوان جەماوەرەکەیدا، بەئامانجی وەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیانداو، گەیشتن بە پلەیەکی باڵا لە پاڵپشتی تەواوەتی و بەشداریکردنی ویژدانی.